# نەفرەتی هەڵەبجە ..!

## نورەدین وەیسی

ڕۆژنامەوانی ئەمریکایی مایکل تۆتن کەتازەکی لە گەشتێکی باشووری کوردستاندا گەڕاوەتەوە ،لەدیدارێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی ناشناڵ ڕیڤیو National Reviewدا لەبارەی هەڵەبجە دوە دەڵێ (لەهەڵەبجەدا هەست دەکەی لە وێرانترین نێوچەی وڵاتانی جیهانی سێیەمی) ، ئەگەر دەسەڵاتدارانی کوردستان لە ماوەی چاردەساڵی دوای ڕاپەریندا لەجیاتی ئەو فرمێسکە درۆزنانەی ساڵانە بۆ هەڵەبجەی دەڕێژن ،هەریەکەیان بڕێکی لەوپارەیەی لەداهاتی کوردستان دزیویەتی پێشکەشی هەڵەبجە کردبا،هەنووکە ئەورۆژنامەوانە قسەیەکی زۆرزۆر جیاوازتری دەکرد.

ئەمساڵ بڕیارە شاندێکی پێکهاتوو لە ژمارەیەك سەرەك شارەوانییەکانی ئیتالیاو ژاپۆن ولەوانەش شارەوانی هیرۆشیما بەشداری لەساڵیادی هەڵەبجەدا بکەن، هاتنی ئەم شاندە هەلێکی زۆر نایاب وگرنگە بۆ دانیشتوانی هەڵەبجەو بەتایبەتیش گەنج وجحێلەکانی تا بەڵێنی خۆیان بەجێبگەیەنن ونەهێڵن بەرپرسانی کوردستان پێ بنێنە شاری هەڵەبجە تا لەبەرچاوی ئەو شاندە میوانە هێندەی تر شەرمەزارتر بن.

لەدوای ڕاپەرینەوە خەڵکی بەشمەینەتی هەڵەبجە لەکارەساتێکەوە بەرەومەرگەساتێکی دیکەوە دەچن،چونکە جیالەوەی ماوەیەك گۆڕەپانی شەڕی قرێژی نێوان پارتی ویەکێتی بوو، چەند ساڵێکیش ئەوهەڵەبجەیەی کە مەڵبەندی هونەروجوانی بوو کەوتە ژێر چەپۆکی ڕەوتە تیرۆریست وپاشڤەڕۆودژەمرۆییانەی ئیسلامییەکان کەهەتا هەنووکەش لەدەرهاوێشتە کارەساتبارەکانی ڕزگاری نەبووە، هەربۆیەش هەڵەبجەییەکان ئێستا هەموو مافێکیان بەدەستە وەیە بەهەرشێوەیەك کەبۆیان دەکرێت سەرانی کوردستان ریسواوشەرمەزار بکەن، چونکە ئەوان هەرگیز درێخیان نەکردووە لە ئازاردانی گیانی وماڵی وواتایی هەڵەبجەدا، ئەوەنییە ئاڵای بەعس بەسەر هەڵەبجەدا دەشکێتەوە،لەبەناو مۆنیمێنتەکەشیدا،هەڵەبجە هەر باکووری ڕۆژهەڵاتی عیراقە. !*

هەڵەبجە چۆن لێیان تووڕەو داخدار نەبێت لەکاتێکدا سێ ساڵە لەبەغدان نەك هەر فلسێکیان لەداهاتی عیراقی ئەنفالچی بۆ هەڵەبجە نەناردووە بەڵکو داوای لێبوردنێکیشیان بەناوی حکومەتی عیراقەوە دەرنەکردووەولەدادگاییکردنی سەدام وسەرانی دیکەی بەعسیشدا ناوی هەڵەبجە لەکولەکەی تەڕدا نەهاتووە، هەلەبجەییەکان چۆن لێیان دەهری نەبن کەبەچاوی خۆیانەوە دەبینن چۆن باوەش بە فرۆکەوانە ژەهرڕێژەکاندا دەکەن ووەك نیشتیمانپەروەر ڕێزیان لێدەنێن.

جا ئەی هەڵەبجەییە کۆست کەوتووخەمگینەکان هەرگیز نەکەن ئەو دەرفەتە زێڕینە لەدەست بدەن وبەدرۆودەسەلە بەردەوامەکانی بەرپرسان هەڵبخەلەتێن ولەریسوا کردنیان پەشیمان ببنەوە، قسەی خۆتان بگەیەننە جێ ومەهێڵن جیدی گەندەڵکاران گاڵتە بە هەستی پاك وخۆشباوەڕیتانەوە بکەن،دڵنیابن گیانی

نەمران مەولەوی ونالی ومەولانا خالید وگۆران وعادیلەخانم وئەحمەدی موختاربەگی جاف وعومەری خاوەر بەوکارەی ئێوە شاگەشکە دەبێ.

nuradinwaisi@hotmail.com

⋆ بەشی ئینگلیزی سایتی مۆنیەمێنتی هەڵەبجە
http://www.halabjamonument.com/sarata.htm